# چیرۆکە گونجاوەکان بۆ پەروەردەکردنی منداڵانی باخچەی ساوایان

د. مزەفەر مستەفا ئیسماعیل
(زانکۆی سۆران- فاکەڵتی پەروەردە)
( ٢- ٢ )

**٦- چیرۆکی خەیاڵی زانستی**

مەبەست لێی پێشبینی چیرۆکنووسەکەیە بۆ شتێک کە هێشتا دانەهاتبێت. لەسەدەی نۆزدەمەوە دوای ڕێنیسانس کە جیهان پێشکەوتنێکی باشی بە خۆوە بینی، ئەم جۆرە ئەدەبە پەیدابوو، کە پێی دەڵێن خەیاڵی زانستی بە واتای نەخشە ڕێگەیەک بۆ داهاتوو بە بیر و بۆچوونی جیاواز. ((ئەم چیرۆکە پشت بە خەیاڵی زانستی داڕێژراو و ڕێکخراو دەبەستێت، دەیەوێت خەیاڵی منداڵ بەرەو ئاراستەیەکی ڕاست ببات، هەروەها ئامانجییەتی کە زانیاری زانستی پێشکەش بە منداڵان بکات، لە میانەی چیرۆکی خەیاڵییەوە. منداڵان بە داهێنانی نوێ دەبەستێتەوە)) (عیسی، ٢٠٠٧، ٣١٠)، ئەم نووسەرەی منداڵان چیرۆکی زانستی و خەیاڵی زانستی تێکەڵ کردووە، چونکە خەیاڵی زانستی، واتە شتێک هێشتا دانەهاتبێ و نووسەر بێت باسی بکات و بۆ نموونە خەیاڵ بکات لە داهاتوودا لەبری ئۆتۆمۆبێل و فڕۆکە و شەمەندەفەر زانست بگاتە ئەو ئاستەی مرۆڤ بتوانێ بە دووباڵی ئەلیکترۆنی بفڕێت و بگاتە ئەو شوێنەی دەیەوێت، تەنانەت بۆ ناو ئاسمان و ئەستێرەکانیش، یان بۆ چارەسەری گەرما و سەرما جۆرە حەبێک دابهێنرێت، هەر کەس بیخوات لە زستان سەرمای نەبێت و بەهاوینیش گەرمای نەبێت، یان کارگەکان بگەنە ڕادەیەک بەهۆی زانستەوە جلوبەرگێکی وا دروست بکەن بە هاوین شێی سارد و بە زستانیش تینی گەرمی ببەخشن، ئەمانە هەمووی خەیاڵن بۆ دواڕۆژ ڕەنگە ببنە ڕاستی، وەک زۆر شت کە ئێستا هەن و سەردەمێک تەنیا خەیاڵێک بووە، وەک فڕۆکە، مۆبایل، ئینتەرنێت، کۆنترۆڵ و تیشکی میگناتیسی ...تاد.

وێناکردن، یان هێنانە پێش چاو، لایەنێکی گرنگی ئەم بابەتەیە، واتە منداڵ شت دەهێنێتە پێش چاوی خۆی، ئەم هێنانە پێش چاوە دوو جۆری هەیە یەکەمیان: بنیادنەرە، دووەمیان:

ڕووخێنــەرە. ئــەوەی یەکــەم منــداڵ دەباتــە جیهانێکی پــڕ لــە ڕاستی و خۆش، بــەڵام ئــەوەی تریان منداڵ دەباتــە نــاو جیهانێکی پــڕ لــە دێو و درنج و تارمایی، کــە ئەمــەش بۆ لایەنی دەروونی منــداڵ بــاش نییــە، ((ئــەو چیرۆکانــە پشــت بــە گریمانــەی کەســایەتی و کاری لــە واقیــع بــەدەر دەبەســتن، کــە لــە جیهانــی واقیعیــدا نیــن و ئــەو حەکایەتانــە بــەدەوری نائاگەیی و ڕووداوی ناڕاستدا دەســوڕێنەوە.))، (احمــد، ٢٠٠٩، ١٠٢)، شــەیدای زانیــن و لەگــەڵ وێناکردن، یــان هێنانــە پێــش چاو، دوو کرداری هاوتەریبیــن لــە منداڵانــی یــەک تەمەندا، بە ڕێگەیەکدا دەڕۆن، بەڵام ئەو دوو شــتە لە منداڵە تەمــەن جیاوازەکانــدا یەکتــری دەبــڕن و تووشــی یەکتــری دەبــن. پــەروەردەکاری ئینگلیــز (ویلتــۆن) دەڵێــت: خەزێنەکانــی ڕابــوردوو کــە بەدەســتمان هێنــاون تەنیــا وێنەیەکــی بەرجەســتەکراو بــوون لــە هێنانــە پێــش چــاو، هەروەهــا شــاعیری ئینگلیــز (کریســتۆفەر فــرای) دەڵێــت: یەکەمیــن هەســت کــە پێویســتە بایەخــی پــێ بدەیــن هەســتی شەشــەمە، کــە بەخەیاڵــەوە بەنــدە، چونکــە خەیــاڵ وا دەکات جیهــان هەمــوو ڕۆژێــک لەبەرچاومــان نــوێ بێــت). ئەگــەر ئێمــە منداڵانمــان لــە خەیــاڵ قەدەغەکــرد و ویســتمان تەنیــا لــە جیهانــی واقیعــی خۆیــان بجووڵێنــەوە ئــەوە کۆت و بەندمــان کــردوون، بۆیــە زانایانیــش پێیــان وایــە کــە خەیــاڵ بزوێنەرێکــی گرنگــی شــتە ڕاســتەقینەکانە.

پێشــبینی کــردن و چیرۆکــی خەیاڵــی زانســتی لــە ئەدەبی ئەورووپــی و ڕۆژئاواییــدا بــەدی دەکرێــت و هەبــووە و هەیــە، بــەڵام لــە ئەدەبــی کوردیــدا ئــەم جــۆرە ئەدەبــە بەرچاوناکەوێــت.

**٧- چیرۆکی مێژوویی**

مێــژوو خــۆی وەک چیرۆکێکــی دوورودرێــژە، پــڕ لــە کارەســاتی دڵتەزێنــە، ئەگــەر بمانەوێت چیرۆکــی مێژوویــی بــۆ منــداڵان بنووســین، دەبێــت بــە وریاییــەوە ئــەم کارەبکەیــن، چونکــە مێــژوو جەنــگ و کوشــتن و بڕینــی زۆری تێدایــە، عەبدولفەتــاح ئەبــوو معــال دەڵێــت: ((چیرۆکــی مێژوویــی ئــەو چیرۆکەیــە، کــە جەخــت لەســەر گەیاندنی ڕابــوردوو بــە ئێســتا دەکات، لــە میانــەی گێڕانــەوەی مێژوویی لــە ڕابــوردوودا))، (ئەبوومعــال، ٢٠٠٥، ١٥٥). گرێدان و بــە یــەک گەیاندنی ڕابوردوو بــە ئێســتا کارێکــی هــەر وا ئاســان نییــە و چیرۆکنووســی منــداڵان زۆر پێــوەی مانــدوو دەبێــت، چونکــە چەمکــی مێــژوو ئــەو ڕەگەزانــەی، کــە لــە نــاو مێــژوودا هــەن وەک: شــوێن، کەســایەتییەکان، کات ... تــاد چەمکێکــی ڕووتــن، منــداڵ بــە ئاســانی لێیــان تێنــاگات، بــەڵام ((چیرۆکنــووس وشــەی وا بــەکار دەهێنێــت کــە منــداڵ لێــی تێبــگات وەک:باپیــرم بــۆی گێڕامــەوە، یــان داپیــرەم وای دەگــوت . ... تــاد ئەمــەش ســەرەتای چیرۆکەکەیــە و منــداڵ دەکەوێتــە نــاو ڕووداوەکانــەوە و زانیارییــەکان لــە بــارەی کاتــی ڕابــوردوو دەخزێنــە نــاو مێشــکی منداڵەکــەوە))، (ئیســماعیل، ٢٠٠٨، ١٠٥).

لــە چیرۆکــی مێژووییــدا چیرۆکنووســی منــداڵان دێــت و کەســایەتییەکی مێژوویــی، یــان ڕووداوێکــی مێژوویــی لــە ڕێگــەی چیرۆکــەوە پێشــکەش بــە منــداڵان دەکات. هــەر نەتەوەیەکیــش چەنــدان کەســایەتی نــاوداری مێژوویــی هەیــە، کــە ڕۆڵیــان لــە بەرخــودان و دروســتکردنی مێژوویەکــی پــڕ لــە ســەروەری بــۆ وڵاتەکەیــان هەبــووە و خەڵکیــش شــانازییان پێــوە دەکــەن و لــە نــاو چیــرۆک و شــیعرەکانی خۆیانــدا باســیان لێــوە دەکــەن بــۆ ئــەوەی لــە بیــر نەکرێــن. ((د. فــەوزی عیسا پێــی وایــە: بابەتەکانــی چیرۆکــی مێژوویــی هەمەڕەنگــن، هەیانــە باســی مێــژووی کۆنــی جیهــان و مێــژووی فیرعەونــەکان دەکــەن و هەیانــە باســی مێــژووی

ئیسلامی و مێژووی نوێ دەکەن، تەنیا باسی هێڵە گشتییەکان و ڕووداوە گەورەکان دەکات و ناچێتە ناو وردەکارییەوە))، (عیسی، ٢٠٠٧، ٣٢٠)، ئەمەش وتەیەکی ڕاستە هەر کاتێک باسی کۆن بکەین، بۆ نموونە دەڵێین لە سەدەی بیست، بەڵام سەدە، سەد ساڵە، یان دەڵێین لە سییەکانی سەدەی ڕابوردوو، بەڵام سییەکان دە ساڵە، بەم شێوەیە باسی مێژوو دەکرێت.

زۆر لە شارەزایانی ئەم بوارە پێیان وایە، کە منداڵ هەتا نەبێتە دە ساڵی باسی مێژووی بۆ نەکرێت، چونکە مێژوو پێوەندی بە کاتەوە هەیە، کاتیش چەمکێکی ڕووتە و منداڵ بە ئاسانی لێی تێناگات.

**٨- چیرۆکی ئەفسانەیی**

ئەفسانە وەک چەمکێکی بابەتی لە ژیانی دانەبڕاوی مرۆڤایەتیدا ناسراوە، لە زۆر کۆندا ئەفسانە بیر و باوەڕ و زانست بووە. خەڵک بەردی بناغەی ژیانی خۆیان لەسەر داڕشتووە، بۆیە دەبینین بۆ ئەمڕۆمان ئەفسانە شتێکی کۆن و بەسەرچووە و بەئاسانیش لەگەڵ دنیای پڕ لە زانست و تەکنۆلۆژیای ئەمڕۆماندا ناگونجێت، ((ئەفسانە بەرهەمی لەمێژینەی هەموو مرۆڤایەتییە و بەرهەمێکی هەمە لایەنەیە و لە ئەنجامی پێویستییەکانی ژیان و ئارەزووە لەبن نەهاتووەکانی مرۆڤەوە کەڵەکەی کردووە و کۆبووەتەوە و گەیشتووەتە ئەمڕۆ))، (حەسەن، ٢٠٠٧، ٦٠)، کەواتە ئەفسانە پێویستییەکی ژیان بووە وەک سەرجەم پێویستییەکانی تر و هەموو مرۆڤایەتی تێدا بەشدارە، بەباشی و خراپییەکانییەوە، ئەفسانە پڕ لە دژیەکییە و پڕە لە خێر و شەڕ و هێڵی سارد و گەرم، ((چیرۆکەکانی خەیاڵی و فانتازی زۆربەی جار پاڵەوانەکانی پەرجوو دێنن، وەک پاڵەوانی سەرووی سروشت، کە ئێستاکە زۆر ناوی لێ نراوە وەک سوپەرمان کە پاڵەوانێکە نامرێت و تووڕە نابێت و هێزێکی نائاسایی هەیە))، (احمد، ٢٠٠٤، ١٠٣) و یارمەتی خەڵک دەدات و بەسەر دیواری بەرزدا سەردەکەوێت، هەرچەندە ڕووداوەکانی ناو حەکایەتە ئەفسانەییەکان زۆر کۆنیش بن، بەڵام کاڵ نەبوونەتەوە و لەگەڵ هەر گێڕانەوەیەکدا بەرگێکی نوێیان بەبەردا دەکرێتەوە.

خاڵێکی گرنگ لەو بابەتە ئەوەیە کە ئەفسانە لەگەڵ بابەتەکانی تری ژیانی مرۆڤدا پێوەندییان هەیە، وەک لەگەڵ زانست و فەلسەفە و دەروونناسی و کۆمەڵناسی و ئاییندا ئەوەی زیاتریش باسی لێوە بکرێت پێوەندی نێوان ئەفسانە و ئایینە، چونکە ئەم دووانە زۆر چوونەتە ناو یەکترییەوە، ((ئەوەش زانراوە و سەلمێنراوە، کە ئایین و ئەفسانە پێکەوە سەریان هەڵداوە، چونکە ئایینە کۆن و سەرەتاییەکان بۆ خۆیان کەرەستەیەکی دەوڵەمەندی ئەفسانەن.))، (حەسەن، ٢٠٠٧، ٢٩٠)، بەپێی عەقیدە و باوەڕی ئەو کەسەی لەسەر ئایینەکەی خۆیەتی ئایینەکەی بەرانبەری پێ ئەفسانەیە، بە واتایەکی تر ئایینی گەلانی پێش ئێمە بۆ ئێمە ئەفسانەیە، وەک ئایینی ئێزیدی، ئایینی ئێمەش بۆ ئەوان وەک ئەفسانە وایە و قبووڵ نەکراوە، لە کاتێکدا مرۆڤ بەرانبەر دیاردەکانی سروشت وەستاوە، لە خۆیەوە دیاردەکانی لێکداوەتەوە و شیکردنەوەی بۆ داناون. ئەم تێگەیشتنە وەک زانستێک وابووە بۆ ئەو کاتە بۆ ڕامان لە دیاردە سروشتییەکان.

دەتوانین بڵێین ئەفسانە زانستی کۆن بووە، ڕۆڵێکی گەورەشی لە کپکردنی ئارەزووەکانی خۆی گێڕاوە.

زۆرجار جادوو (سیحر) لەگەڵ حەکایەتە ئەفسانەییەکان تێکەڵ کراوە، بووەتە بەشێکی دانەبڕاو لە ئەفسانە، ئەمەش لەبەر ئەوە بووە،

چونکە هەندێک لە پیاوانی ئایینی وایان لە خەڵک گەیاندبوو، کە ئەفسانە پێوەندی بە ڕوحە خێرومەندەکان و شەڕانییەکانەوە هەیە، لێرەدا جادوو بووەتە ڕێگەیەک بۆ ژیانی خەڵک و چارەسەرکردنی کێشەکانیان.

لەم زەمەنەی ئێستەماندا پێویستە چیرۆکنووسی منداڵ، دنیای پڕ لە زانست لەگەڵ دنیای ئەفسانە و فەنتازیا لە یەکدی نزیک بکاتەوە، تەنانەت تیکەڵیشیان بکات، بەڵام دەبێت ئەو کەسە شارەزایی لە ئەفسانە و لایەنی دەروونی منداڵ هەبێت.

کەسایەتییەکانی ئەم حەکایەتانە تێکەڵن لە مرۆڤ و زیندەوەری ئەفسانەیی وەک دێو و درنج ... تاد. ئەم جیهانەش سوود و چێژی زۆر بە منداڵ دەگەیەنێت و دەیخاتە پێکەنین و خۆشی و هزریشی بەهێز دەکات. کۆکردنەوەی حەکایەتە ئەفسانەییەکان لە ناو گەلانی جیهاندا گرنگییەکی زۆری پێ دراوە، بەڵام بەداخەوە لای ئێمەی ڕۆژهەڵاتی، بەتایبەتی گەلی کوردمان لە هەر چوار پارچەی کوردستان بایەخێکی وا بە حەکایەتە فۆلکلۆری و ئەفسانەییەکان نەدراوە و تا ئێستاش چەندان حەکایەت و داستان و بەیت و مەتەڵ و.... تاد لای بەساڵداچووان ماونەتەوە و کۆنەکراونەتەوە و پێویستە زیاتر بایەخ بەم لایەنە گرنگەی ژیانی هەر هەموومان بدەین.

**٩- چیرۆکی ئایینی**

مەبەست لەم چیرۆکانە ئەوەیە کە باسی ئایین و بنەماکانی بۆ منداڵ بکرێت و عەقیدەیان دابمەزرێت، ((ئەم جۆرە چیرۆکانە بەوە دەژمێررێن کە یەکێکن لەو کەرەستە باشانەی کە عەقیدە و باوەڕی ئایینی لە دەروونی منداڵاندا دروست دەکەن، بۆیە لە پێشەنگی و نموونەی چاکدا بایەخێکی مەزنیان هەیە کە بنەماکانی ئایینییان لا خۆشەویست دەکات))، (احمد، ٢٠٠٩، ١٠٥) بێگومان ئەمەش یاسا و مەرجی تایبەت بەخۆی هەیە، دەبێت نووسەری چیرۆکی ئایینی بۆ منداڵان وریای ئەوە بێت کە بۆ چ تەمەنێک دەنووسێت، بۆ نموونە ئەگەر بۆ منداڵانی تەمەنی بەرایی، واتە ئەوانەی لە باخچەی ساوایانن و منداڵانی قۆناغی سەرەتایی، بەتایبەتی سێ ساڵی یەکەم، نابێت باسی لایەنی سزادانی مرۆڤەکان بکات و بە ئاگر و دۆڵەکانی دۆزەخ منداڵ بترسێنێت، بەڵکوو باسی خۆشەویستی و پێکەوەژیان و پاک و خاوێنی بکاتە ناوەرۆکی چیرۆکەکانی، بەسەرهاتی پیاوچاکان و ژیانی پێغەمبەران و چیرۆکەکانی ناو کتێبە ئاسمانییەکان بکاتە بابەتی سەرەکی چیرۆکەکانی.

## بەشی دووەم: تیشکێک لەسەر منداڵانی باخچەی ساوایان و چیرۆکەکانیان

### تەوەری یەکەم: ژیان و دنیای منداڵانی باخچەی ساوایان

منداڵانی باخچەی ساوایان ئەو منداڵانە دەگرێتەوە کە بەپێی ستانداردی جیهانی لە تەمەنی ٤- ٥ ساڵی دەچنە باخچەی ساوایان و پرۆگرامی تایبەتییان لە پەروەردە و خوێندندا هەیە، هەرچەندە پێناسەی زۆر بۆ پەروەردە کراوە، د. سەمیر عەبدولوەهاب دەڵێت: ((ڕاهێنانی پەروەردەیی لەناو باخچەدا بەچی کاریگەر دەبێت لە چاک و خراپ، بۆ کەسایەتی منداڵەکە و بەردەوامیدان بە زانست و زانیاری، ئەمە ڕۆڵی لە بنیادنانی چوارچێوەی مەعریفە و ڕۆشنبیری و گەشەکردنی دروست هەیە، کە منداڵ دەتوانێت تێکەڵی ئەو کۆمەڵە ببێت کە تێیدا دەژیت))، (احمد، ٢٠٠٩، ٣٠)، واتە منداڵ لە باخچەی ساوایاندا فێری بنەماکانی پەروەردە دەبێت، کە بناغەی ژیانی هەموو تاکێکە، لە ڕووی

جەستەیییەوە باخچە سوودی زۆری بۆ منداڵ هەیە، وەستانی بەیانیان و وەرزشکردنیان و بەگرووپ وێنە دروستکردن و جووڵەکانی تریش سوودی جەستەیی و دەروونی بەمنداڵ دەبەخشن، گەشەی کۆمەڵایەتیش گرنگییەکی ترە، چونکە ((یەکێک لە دیاردەکانی گەشەکردنی کۆمەڵایەتی ئەوەیە کە هۆشیاری زیاد دەبێت و دەرککردن بە ژینگەی کۆمەڵایەتی، زیادبوونی بەشداری کۆمەڵایەتی و فراوانبوونی بناغەی کارلێکردنی کۆمەڵایەتی لەناو خێزان و دەوروبەر، منداڵیش زانیاری زیاتر دەبێت))، (الخوالدة، ٢٠٠٣: ٢٦)، دەتوانین بڵێین کە باخچەی ساوایان وەک ماڵێکی تەواو وایە بۆ منداڵان، ژینگەی دەروونی و جەستەییان بۆ فەراهەم دەکرێت.

### تەوەری دووەم: چیرۆکە گونجاوەکانی منداڵانی باخچەی ساوایان

**یەکەم: چیرۆکی ئاژەڵان:**

چیرۆکی ئاژەڵان، وەک باسکرا بۆ مەبەستی پەروەردەکردنی منداڵانی باخچەی ساوایان گرنگیی خۆی هەیە، منداڵانی باخچەی ساوایان کە بە قۆناغی ڕیالیستی ناوزەدکراون، کە لە تەمەنی (٣- ٥)ساڵین، بۆیە بەم ناوە ناونراون، چونکە شتەکان بە ڕاست و واقیعی دەزانن، لەبەر ئەوە چیرۆکنووسی منداڵان کاتێک دەیەوێت دەقێک بۆ منداڵانی تەمەنی باخچەی ساوایان بنووسێت دەبێت وشیار بێت، کە باسی خەیاڵێکی زۆر فراوان نەکات، لەو شێوەی منداڵ پێی هەرس نەکرێت و تووشی ترس بێت.

**بۆچی چیرۆکی ئاژەڵان بۆ منداڵانی باخچەی ساوایان گونجاو و گرنگە؟**

چیرۆکی ئاژەڵان بۆ منداڵانی باخچەی ساوایان گونجاو و گرنگ و بەسوودە، لەبەر ئەم هۆیانەی خوارەوە:

١- منداڵ بەگشتی و منداڵانی باخچەی ساوایان حەز لە ئاژەڵ دەکەن و زوو لەگەڵیان تێکەڵ دەبن و دۆستایەتییان دەکەن، بە واتایەکی تر منداڵی بچووک ئاژەڵی خۆش دەوێت، بەتایبەتی ئەو ئاژەڵانەی بچووکن، وەک پشیلە، چۆلەکە، پەپوولە ...تاد.

٢- کاتێک منداڵ گوێی لە حەکایەتی بەرگوێی ئاگردان، یان فۆلکلۆری دەبێت، ئاژەڵانی زۆر تێدا دەبینێت، کە قسەدەکەن، خەم دەخۆن، دڵخۆش دەبن ...تاد. پرسیاری ئەوەش ناکات کە ئاژەڵ چۆن قسەدەکات و ئەو شتە چۆن دەبێت، بۆیە منداڵی ئەم قۆناغە وادەزانێت کە ئاژەڵیش هەروەک مرۆڤ وایە و ئەندامێکە لەو تیمەی لەناو چیرۆکەکەدا هەن.

٣- منداڵ لە ڕێگەی چیرۆکی ئاژەڵانەوە ئاشنای سیفاتەکانی ئاژەڵان دەبێت، وەک وەفاداریی سەگ، سپڵەیی پشیلە، بەهێزی شێر، فێڵبازی ڕێوی... تاد.

**دووەم: چیرۆکی زانستی**

چیرۆکی زانستی وەک باسکرا ئەو چیرۆکانە دەگرێتەوە کە لە بارەی هەندێک کاروباری ژیان و زانستێکی سەرەتا و واقیعییەوە زانیاری بە منداڵ دەدەن، دەتوانین هۆکارەکانی سەرکەوتنی ئەو چیرۆکە بۆ پەروەردەکردنی منداڵانی باخچەی ساوایان، لەم خاڵانەی خوارەوە کورت بکەینەوە:

١- لەبەر ئەوەی ئەم قۆناغە بە قۆناغی ڕیالیستی ناودەبرێت، زانست و زانیاریش هەمیشە شتێکی ڕیالیستییە، بۆیە منداڵانی ئەم قۆناغە حەز بەم جۆرە چیرۆکانە دەکەن، وەک زانیاری

پەیداکردن لەسەر چۆنیەتی ئاودانی گوڵ، زانیاری لەسەر ژیانی زیندەوەر، باران بارین، کۆکردنەوەی ژمارەکان...تاد.

٢- بەپێی لێکۆڵینەوەکان دەرکەوتووە کە منداڵانی ئەو قۆناغە مێشکیان پڕە لە پرسیار، ڕەنگە هەر چیرۆکێکی زانستی وەڵامی پرسیارێکیان بێت بۆیان و دڵیان ئاو بخواتەوە.

٣- زانینی هەر پرسیارێک پەلیان ڕادەکێشێت بۆ زانینی پرسیارێکی تر و بەم شێوەیە ئالوودەی زانیارییەکان دەبن و خۆشەویستییان بۆ زانست و زانیاری پەیدادەبێت.

٤- ئەگەر لە چیرۆکی زانستیدا، کە زۆرجار کەسایەتییەکە خۆی قسە دەکات و باسی سوودەکانی خۆی دەکات، ڕەنگە منداڵ بکەوێتە ژێر کاریگەریی ئەو کەسایەتییە و لاسایی بکاتەوە و خۆی بکات بە سێو، یان گوڵ، کە ئەمەش سوودی خۆی دەبێت.

### سێیەم: چیرۆکی گاڵتەوگەپ

ئەم چیرۆکەش بایەخی خۆی بۆ منداڵ هەیە، وەک باسکرا ئەم جۆرەیان تەنیا بۆ کات بەسەربردن نییە، بەڵکوو ژیری و عەقڵیشی تێدایە، بەڵام سوود و ژیرییەکە، زیاتر بۆ تەمەنی گەورەترە، د. فەوزی عیسا دەڵێت ((ئەگەر مرۆڤ پێویستی بە پێکەنین بێت بۆ خۆشی و حەسانەوەی دڵ و دەروون و تازەکردنەوەی چالاکییە دەروونییەکان، ئەوە منداڵان بەسروشتی خۆیان حەزیان لە پێکەنین و گاڵتەیە، لەبەر ئەوە چیرۆکی گاڵتەوگەپ ئەو پێویستییەیان بۆ پڕدەکاتەوە)) (عیسا، ٢٠٠٧، ٣٢٧)، منداڵانی باخچەی ساوایان کاتێک چیرۆکێکی گاڵتەوگەپیان بۆ دەخوێنرێتەوە، تەنیا دڵیان پێ خۆش دەبێت و پێی پێ دەکەنن و هیچی تر. گرنگترین هۆکارەکانی سەرکەوتنی ئەم جۆرە چیرۆکە بۆ منداڵانی باخچەی ساوایان ئەمانەیە:

١- منداڵ هەمیشە حەزی لە پێکەنین و خۆشییە، چونکە دنیایەکی ڕەنگاوڕەنگی هەیە و هەمیشە دنیا و دەوروبەری خۆی بەجوانی دەبینێت، بۆیە لە ڕێگەی چیرۆکی گاڵتەوگەپەوە ئەو حەزەی تێر دەبێت.

٢- بەپێی لێکۆڵینەوەکان دەرکەوتووە کە پێکەنین دەمارەکانی مرۆڤ خاودەکاتەوە و پشوو و خۆشی بە مرۆڤ دەبەخشێت، کە ئەمەش بۆ منداڵ سوودی زۆری هەیە و لە هەڵچوون و تووڕەبوون دووری دەخاتەوە.

٣- هەرچەندە منداڵانی باخچەی ساوایان بچووکن، بەڵام هەندێکیان بە عەقڵ و ژیری گەورەن، چیرۆکیش بە شێوەیەکی گشتی ڕۆڵی تەواو دەگێڕێت لە پەروەردەکردنیان، بۆیە زۆربەیان هەستی تەواو بە کەسان و ڕووداوەکانی ناو چیرۆکەکە دەکەن.

بێجگە لەم سێ جۆرەی چیرۆک، ڕەنگە چیرۆکەکانی تریش چێژ و سوود بە منداڵ بگەیەنن، ئێمە ناڵێین دیوارێکی ئاسنین لە نێوان ئەم چیرۆکانە و چیرۆکەکانی تردا هەیە، بەڵام دەکرێت بڵێین ئەم چیرۆکانەی باسمان کردن (چیرۆکی ئاژەڵان، چیرۆکی زانستی و چیرۆکی گاڵتەوگەپ) زیاتر لەگەڵ ڕوح و هەستی منداڵانی باخچەی ساوایاندا بگونجێن.

### چوارەم: چیرۆکی سروشتی

مەبەست لەم جۆرە چیرۆکانەیە کە کەسایەتییەکانی لەناو سروشت وەرگیراون.

### ئەنجامەکان

ئەنجامی توێژینەوەکەمان لەم چەند خاڵانەی

**خـوارەوەدا کـورت دەکەینــەوە:**

**١- لـە چیرۆکـی ئاژەڵاندا منـداڵ فێری ناسـینی زۆربــەی ئاژەڵــەکان دەبێــت، بەتایبەتــی ئاژەڵــە ماڵییــەکان.**

**٢- لــە چیرۆکــی زانســتیدا دەتوانیــت منــداڵ فێـری زانسـتەکان بکەیـت و زانیـاری لەسـەر زۆربــەی کایەکانــی ژیــان وەربگرێــت.**

**٣- لـە چیرۆکـی گاڵتەوگەپـدا منـداڵ ئاسـوودە دەبێ و لەگـەڵ پێکەنینەکـەی دەچێتـە دنیایەکـی جوانتــر لــەوەی تێیدایــە، بۆیــە زۆر خۆشــبەخت دەبێـت.**

**٤- منداڵانــی باخچەکانــی ئێمــە بەگشــتی وەک پێویسـت لەڕێگـەی چیرۆکـەوە پـەروەردە ناکرێـن.**

**سەرچاوەکان:**


١- ئەحمــەد، - ناهیـدە ئەحمــەد، ســەرەتایەک دەربـارەی ئەدەبـی منداڵانـی کـورد، چاپخانـەی وەزارەتـی پـەروەردە، هەولێـر، ٢٠٠٥.

٢- ئیسـماعیل، مزەفـەر مسـتەفا، ڕوخسـار و ناوەرۆکی چیرۆکی منداڵان لای لەتیف هەڵمـەت، چاپخانـەی حاجـی هاشـم، هەولێر، ٢٠١١.

٣- حەســەن، مەولـود ئیبراهیـم، پێکهاتــەی ئەفسـانەی کـوردی، دەزگای ئـاراس، هەولێـر، ٢٠٠٧.

٤- ڕەسـووڵ، عیزەدیـن مسـتەفا، لێکۆڵینـەوەی ئەدەبـی فۆلکلـۆری کـوردی، چاپـی دووەم، چاپخانـەی زانکـۆی سـلێمانی، سـلێمانی، ١٩٧٩.

٥- هەڵمــەت، لەتیــف هەڵمــەت، دیــوان شــیعر و چیـرۆک بـۆ منـداڵان، بەرگـی یەکـەم، چاپـی دووەم، چاپخانـەی پەیـڤ، سـلێمانی، ٢٠٠٥.

٦- هەورامـی، حەمەکەریـم، ئەدەبـی منداڵانـی کـورد دوای ڕاپەڕیـن، دەزگای ئـاراس، هەولێـر، ٢٠٠٧..

٧- ابومعـال، عبدالفتـاح، أدب الاطفـال وأسـاليب تربيتهـم وتعليمهـم وتثقيفهـم، دارالشـروق للنشـر والتوزيـع، عمـان، الأردن، ٢٠٠٥.

٨- أحمـد، سمير عبدالوهـاب، قصـص وحكايات الاطفـال وتطبيقاتهـا العمليـة، دارالمسـيرة، عمـان، ٢٠٠٩.

٩- الخوالدة، المنهاج الابداعي الشـامل في تربية الطفولة المبكرة، دارالمسيرة، عمان، ٢٠٠٣.

١٠- الكعبـي، فاضـل عبـاس، المداخـل التربويـة ومرتكزات التجانس المعرفـي فـي ثقافـة الاطفـال، دارالشـروق الثقافيـة العامـة، ٢٠٠٨.

١١- عيسـى، فوزي عيسـى، أدب الاطفال، الشعر، مسـرح الطفـل، القصـة، دارالوفـاء، الأسـكندرية، ٢٠٠٧.

١٢- الهيتـي، هـادي نعمـان، ثقافـة الاطفـال، المجلس الوطني للثقافة والشباب، الكويت، ١٩٨٨.

- نامەی ئەکادیمی:

١٣- السـراج، رائـدة عبـاس علـي حسـين، قصـص الأطفـال فـي الموصـل (١٩٦٨ - ٢٠٠٠)، رسـالة ماجسـتير، مقدمـة الـى كليـة الآداب، جامعـة الموصـل، ٢٠٠٢.